## رۆژهەڵاتی ناڤین و سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتی ناوچەیی و پرسی کورد لە سەدەی 21دا (هۆ و هۆکارەکان)، بەشێک لە خاڵە شاراوەکان لە سەدەی رابوردوو دا





**عومەرعینایەتی**

کاتێک باسی پرسە هەنوکەییەکان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد دەکەین کە گرێدراوی هۆکارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەسەر ئاستی روژهەلاتی ناڤین، ناتوانین باسێک لە رابردوو پشتگوێ بخەین، ئەویش سیاسەتی ئیستعماریی دەوڵەت - نەتەوەیە بەپێی بەرژەوندییەکان بۆ پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە. لەم نێوەدا کورد بووە بە کارتێک لەسەر ئەو ساتوسەودایانە لەناو وڵاتانی ئێران، تورکیە، ئێراق، سوریە، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، کە خۆیان لەریزی وڵاتانی جیهانی سێهەم دان و چاولەدەستن. لەپێناو ئەم چاولەدەستبوونە ماوەی سەدەیەکە بە هەموو شێوەیەک بۆ سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی ناسنامەی کورد لەهیچ کردەوەیەک خۆیان نەپاراستووە، بۆئەمەش بێدەنگیی وڵاتانی بەرژەوندخوازی سەردەستە واتایەکی دیکە بە خۆیەوە دەبەخشێت. لێرەدا وتارەکە وا دەخوازێت کە هۆکارەکانی ئەم چاولەدەستبوونەی وڵاتانی ناوچەکە بڕێک شی بکرێتەوە.

- پێویستە ئاوڕێک لە رووداوەکانی سەردەمی رێنێسانس بدەینەوە کە بووبە هۆکاری گۆڕینی سیستمێکی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتی و رۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوە.

لە سەردەمی رێنێسانس شۆڕشی چینایەتی لە ئوروپادا هاتە ئاراوە و بووە هۆی ململانێ و شەڕی ناوخۆیی لە نێوان فکری نوێ و سیاسەتی ئیستعماریی بریتانیا و پێداگریی شۆڕشی نوێ بوو بە هۆکارێک کە وڵاتی فەرانسە ببێتە هەڵگری ئەو فکرە. هەر ئەم گوڕانکارییە و شەڕی نێوان دوو وڵاتی فەرانسە و بریتانیا رۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕێت. فەرانسە کاتێ دەبینێت لە بەرامبەر هێزی دەریایی بریتانیادا لاوازە، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو شەڕە لە ناوچە سنوورییەکانی وڵات بگوازێتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماری بریتانیا و لە رێگای وشکانیی وڵاتی عوسمانی و ئێرانەوە هێرش بکاتەسەر هیندی رۆژهەڵاتیی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا. دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی ئەوەی کە خۆی بە نوێنەری باوەڕی ئیسلامیی دەزانی، پێی وابوو کە ئەوە شەڕی دوو وڵاتی کریستیانیی کافرن و ناڕازیی نەبوو کە ئەگەر فەرانسە بە وڵاتەکەیدا تێپەڕبێت. بەڵام کاتێ کە فەرانسە ویستی بۆ تێپەڕبوون لە وڵاتی ئێرانەوە بەرەو هیندی رۆژهەڵاتی لەگەڵ ئێران پێوەندیی دروست بکات، ئێران لە قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی دابوو و هەروەها شەڕی دەکرد لەگەڵ دەوڵەتی تەزاری رووسیە، هەر ئەمەش بوو بە هۆکاریک کە دەسەڵاتی سەردەمی قاجار بە مەرجێک یارمەتیی فەرانسە بکات بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی ژێر دەستی ئیستیعماری بریتانیا کە ئەویش هاریکار بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی شەڕی نێوان ئێران و دەوڵەتی تەزاری روسیە و بەمجۆرە دەوڵەتی فەرانسە کەوتە ناوشەڕێکی دیکە واتە شەڕ لەگەڵ روسیە. لەو شەڕەدا دەوڵەتی فەرانسە زیاتر لە 250 هەزارکەسی لێکوژرا و بوو بەهۆی ئەوەی لە هێرشکردنەسەر هیندی رۆژهەڵات پاشگەز بێتەوە.

لێرەدا کاتێ دەوڵەتی بریتانیا بە سیاسەتی فەرانسە دەزانێت و هەست بە هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئێران دەکات، سیاسەتێکی نوێ بۆ پاراستنی وڵاتانی ژێردەستەی خۆی دەگرێتەبەر. واتە لە دەوڵەتی قاجاری ئێران نزیک دەبێتەوە. هاوکات بریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی تەزاری روسیە لەسەر خاکی ئێران دەکەونە ساتوسەودا و ساڵی 1807 بە رێککەوتنامەیەکی نهێنی، ئێران لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، بە پێی رێککەوتنامەکە بەشی باشووری ئێران بۆ بریتانیا و بەشی باکووری ئێران بۆ روسیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بشێوی لە ناو تەواوی ئێراندا هاتبووە ئاراوە و خەزێنەی دەوڵەتی قاجار بەتاڵ بوو، قەیرانێکی زۆر لە ئێران دا سەریهەڵدا.

لێرەدا بریتانیا بڕێک قەرزیدا بە ئێران لەبەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازی باشووری ئێران و کێشانی رێگەی ئاسن و ئیمتیازی تێلگراف. لەبەرامبەر ئەوەدا دەوڵەتی تزاری روسیە بۆ ئەوەی لە سیاسەتی دەوڵەتی بریتانیا وەدوانەکەوێت لەسەر شوێنە جێ ناکۆکیەکان وەکو گەنجە و نەخجەوان گرێبەستی تورکمەنچای لەسەرئیمتیازاتی گومرکی باکووری ئێران دەبەستێت، لێرەدا بەشێک لە هۆکارەکانی چاولەدەستبوون دەردەکەوێ. لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجار لە 1840ەوە

هەتا 1860 دەوڵەتی بریتانیا پلانێکی دیکە دادەڕێژێ بۆ بەچۆکداهێنانی دەوڵەتی قاجار، ئەویش شێوازی رابردووی سیاسەتی ئیستعماریی خۆی، واتە گیرۆدەکردنی گەلی ئێران بوو. قوتابخانەی زمانی فارسی لە هیندی رۆژهەڵات دانا و ئەم هیندیانەی کە فێری زمانی فارسی دەبوون، وەکوو دەروێشی گەڕیدە دەیانهینان بۆ ناو ئێران و خەڵکیان فێری کێشانی مادەهۆشبەرەکان دەکرد. تا ئەو ڕادەیە کە گیرۆدەبوون هەتا ناو کۆشکی دەسەڵاتی قاجار پەرەیسەند. **(جیگای سەرەنجە بنەماڵەی خومەینی و لە سەروو هەموویانەوە باپیرەی خومەینی خزمەتێکی گەورەی بە سیاسەتی ئیستعماری بریتانیا کرد ئەویش لە رێگای بەرهەمهێنانی مادەهۆشبەرەکان و ناردنی بۆ ئێران)** لێرەدا ئەو سیاسەتە بوو بەهۆی قەیرانێکی گەورە لەناو کومەڵگای ئێران و شیرازەی کومەڵگا لەبەریەک هەڵوەشاوە و ئاڵۆزیەکی گەورەی لەناو تەواوی ئەتنیکەکانی ناوخۆی ئێران دروست کرد. بەشێکی زۆر لەو ئەتنیکانە توانای بەرەنگاربوونەویان لەگەڵ دەسەڵاتی قاجار نەبوو، بەڵام دەوڵەتی قاجار ترسێکی زۆریان لێنیشتبوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئەردەڵانیەکان. ئەم مەترسیە بوو بەهۆی ئەوەی کەسێک بەناوی (بارۆن یولیوس دۆرۆیتر) لەگەڵ مەلایەکی کورد نفوز بکەنە ناو کۆشکی خسرەوخانی ئەردەڵان و بە ژەهراویکردنی حەوزی ئاوی کۆشک بە میکرۆبی تاعون، کە بوو بەهۆی لە بەینچوونی لە دەیان هەزار کەس لە رۆژئاوای ئێران و تێکچوونی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان. دەتوانین بڵێین ئەوە یەکەم هەنگاوی سیاسەتی ئیستعماریی لە بەرامبەر کورد بوو سەبارەت بەکێشەی ناوخۆی ئێران. کاتێ کە دەسەڵاتی قاجار ئەو مەترسیە گەوریەی لەسەر لاچوو، شای قاجار لە ساڵی 1872 تەواوی کانزای ئێرانی بێجگەلە (کانزای زێڕ و زیو) بەخشی بە (بارۆن یولیوس دۆرۆیتر) کە ئەم بەخشە گەورەیە بوو بەهۆی سەرسووڕمانی زۆر لە دەسەڵاتدارانی دونیا کە چۆنە شای ئێران تەواوی کانزای وڵاتی خۆی ببخشێت بە کەسێکی بێگانە ئەویش کە بە رەچەڵەک جوولەکە و هاوڵاتی بریتانیایە، ( کەس ناپرسێت ئەرێ بۆ شای ئێران تەواوی کانزای بەخشی بەم کابرایە ولەسەر چ بنمایەک ؟) لێرەدا بۆ جارێکی دیکە ئێران دەکرێت بە سێ بەش: باشوور، باکوور و بەشی بێلایەن، کە ئەویش رۆژئاوای ئێرانە و هەموو دانیشتوانەکەی کوردن. ئەم کارە دەبێتە هۆی پەڕاوێزخرانی کورد لە دوای لەبەینچوونی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ژەهراوییوونیان بە میکروبی تاعون، ( دوڕۆیتر) کەسێکی دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام کاتێک شای ئێران کانزاکانی پێبەخشیبوو، دەستەوداوێنی چەند کۆمپانیایەک بوو بۆ لێکوڵینەوە لەسەر نەوت و پەیوەندیی لەگەڵ چەند کەسێکی دەوڵەمەند گرت. پاشان لەگەڵ دەوڵەمەندێکی ئوسترالیایی بەناوی (مارسەیی) کە خۆی کەسێکی ماجەراجو بوو، حازر دەبیت سەرمایە گوزاری بکات، ئەگەرچی خۆی قەت نەهاتبووە ئێران، دوڕۆیتر دەکاتە بریکاری خۆی بۆ توێژینەوە لەسەر بەرهەمهینانی نەوت. پاش ماویەک ناهومیدی، چەند کانزایەکی چاڵە نەوت دەدۆزرێتەوە، پاشان ئەم بەخشیشە دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیەکی گەورە لەناو دەسەڵاتی شای قاجار و ئەم ناڕەزایەتییە بوو بەهۆی ئەوەی کە شای قاجار پاشگەست بێتەوە لەم بەخششە، دورۆیتر لە رێگای بریتانیاوە دەیەوێت شای قاجار وادار بکات کە ئەم ئیمتیازەی لێنەسەندرێتەوە. هەر ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە پلانێکی نوێ دابڕێژیت. پلانە نوێیەکەی دەسەڵاتی ئیستعماری بریتانیا دامەزراندنی بانکی شاهی دەبێت و (دورویتر) دەکەنە بەرپرسی بانکی شاهی. ئەم هەڵوێستەی بریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تەزاری روسیەش بە پلانێکی نوێ بێتە نێو مەیدان و بەدانانی بانکی ئیستقرازی، بەتەواویی سیاسەتی دەسەڵاتداریی بە هەموو سیستمی ئیداریەوە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیا و روسیەوە، لە ئانی کاتدا بۆ هەر ناوچەیەک بۆ گۆڕینەوەی پارە دەرسەدێک دادەنێن. هەروەها بریتانیا لە چەند پلاندا قەرز دەدا بە دەسەڵاتی قاجار لە رێگای بانکی شاهیەوە، هەر بەم بۆنەشەوە دەوڵەتی تەزاری روسیە دووجار قەرز دەدات بە دەوڵەتی قاجار لە پێناو گرێبەستی سەرلەبەری خاکی ئازەربایجان و لاوازیی دەسەڵاتی قاجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی کۆمەڵگا بە تەواویی هەڵبوەشێتەوە، لەلایەک قەرزداریی دەسەڵات بە کۆمپانیا نەوتییەکان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشیک لە ژێر ناوی مەشروتەخوازان و کوتاییهاتنی دەسەڵاتی قاجاریەکان لە ژێر چاوە دێریی بریتانیا، هەروەها مشروعیەتی پارلمانی بە ناوی جانتاسورەکان و دانانی گەلاڵەی یاسا هایەک لە ژێر ناوی دەوڵەت - نەتەوە لە پاشان بەهۆی ناڕەزایەتیی خەڵکانی ناوخۆ لە بەرامبەر دەسەڵاتی مەشروتەخوازان و مانگرتن لە کونسولگەری بریتانیا وپشتیوانیی بریتانیا لە رەزاخانی میرپەنج و بە کودتایەکی سەربازیی یەکەم پادشای دەستنیشانکراو لە لایەن سیاسەتی ئیستعماریەوە بەسەر ئێراندا دادەسەپینن. لە ئانی کاتدا بریتانیا بە پشتیوانیکردن لە حیزبی وفاق لە تەوریز، بە سەرۆکایەتیی ئاتاتورک بو دروستکردنی دەوڵەتی تورکی دەبێتە هۆی رووخانی دەسەڵاتی عوسمانی و بە درووستبونی دەوڵەت - نەتەوە پلانەکانی بریتانیا سەردەکەوێت. لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە دەوڵەتی تەزاری روسیە لە ئێراندا بە دوای قەرزەکانیدا دێت و لە هەمانکاتدا، لە ساڵی 1912 تەواوی خاکی ئازەربایجان داگیر دەکات ( کە قەدیمیەکان بە سەردەمی تەیارە رەشەکە یان سەردەمی گرانیەکە ناوی دەبەن). ئەم داگیرکردنەی ئازەربایجان هەتا ساڵی 1917 کە شورشی ئوکتۆبر درێژەی کێشا. لە پاشان لە دوای روخانی تەزاری روسیە مەجبور دەبن ئێران چول بکەن و ئەو گورانکاریە لە روسیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بریتانیا بۆ پلانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناڤین دەستی زیاتر ئاواڵە بیت، بریتانیا کاتێ لە ناوچەی کەرکوک دەستی بە نەوت دەگات و بە ئیمتیاز وەرگرتن لە دەوڵەتی وابەستەی ئێران و دەوڵەتی تورک، پلانی دروستکردنی دەولتێک لەژێر چاوەدیریی خۆی و بە ئیمتیاز وەرگرتنی ویلایەتی شارەزور و ویلایەتی موسڵ و لەگەڵ ویلایەتی بەغدا، دەوڵەتیکی قەراردادی دروست دەکا لە ژێر ناوی دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی 1920 هەتا ساڵی 2000، لە پاشان بەهۆی جیاکردنەوی دو ویلایەت لە ئێران و تورکیە و بەسەرکەردایەتیی دوو سەرۆک خیڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو وڵاتی ئێران و تورکیە بە پشتیوانیی سیاسەتی ئیستعماری و وابەستە شەرعیەت بدەن بە خۆیان وەکو دەوڵەت - نەتەوە بو

سەرکوتی باقی ئیتنیکەکانی ناوخۆیان و لەبەرامبەر هەر جینایەتێکی ئەم وڵاتانە چاوپۆشی بکرێت لە ئاست سیاسەتی نێودەوڵەتی کە دەتوانین قەتڵوعامی ئەرمەنیەکان و قەتلوعامی دەرسیم ناو بینین، کورد لە ژێر سیاسەتی ئیستیعماری و قەرادادی سیڤەر و لۆزان بو بەسوتەمەنی دەسەڵاتی وابەستەی دەوڵەت نەتەوە، لە دروستکردنی دەوڵەتی ئێراقی قەرارداديدا کەسێکی سەرمایەداری بریتانیایی بە ناوی گولبانگیان بە ئیمتیازی 5% سەرمایەگوزاری لە نەوتی کەرکوک دەکات و لە ئانیکاتدا 5 وڵاتی بریتانیا، فەرانسە، ئالمان ، تورکیە و ئیتالیا کە هەر کام دەبنە خاوەنی بەشێک لەئیمتیازی بەرهەمهینانی نەوت، لە ئێران 50 ساڵ چارەنوسی نەوت لەژێر ناوی مارسەی دەبێتە هوی ململانێی نێودەوڵەتی، بەدانی ئیمتیازی کێشەی باڵکان بە دەوڵەتی سوڤیەت دەکەوێتە ناو قەیرانی خۆیەوە، لەم نێوانەدا کوردان چەندین جار نارەزایەتی دەردەبڕن کە رووبەرووی سەرکوتی وڵاتانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و وابەستەی ئێران و تورکیە دەبنەوە. هاوکات بەرژەوندیەکانی وڵاتانی ئوروپایی دەبێتە هۆی شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەر رۆژهەڵاتی ناڤین و سەرمایەگوزاریی بۆ بەدەستهێنانی نەوت کە ئالمانیا پێشەنگایەتی ئەو شەڕەی دەکرد کە ئەم شەڕە بوو هۆی دووبەرە وەکو وڵاتانی ئاڵمان و ئیتالیا و تورکیە وەکو بەرەی موتەحیدین و وڵاتانی فەرانسە، بریتانیا و روسیە وەکو بەرەی موتفقین. ئاکامی ئەو شەڕە ئەوە بوو کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئوروپا سەرمایە و پڕۆژەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ ناوچەی ئەمن وە دوور لە شەڕ وەکو ئامریکا و ژاپون، بەتایبەت ئامریکا ئەو هەلەی قواستەوە و زۆربەی زانایان وەکو ئالبرت ئەنشتەین پڕۆژەی چەکی ئەتۆمی لە ئیختاری ئامریکا دانا و بۆ بەخاوەنی چەکی ئەتۆمی و وەکو زلهێزێکی گەورە بەرەبەرە بۆ بە زلهێز، لە پاش ماویەک دیسان شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکردەوە کە لەم شەڕەدا ئامریکاش بوو بە لایەنێکی شەڕ لە بەرەی موتەفقین.

لە سەرەوە بە کورتی باسی بەشێک لە رووداوە گرینگەکانمان کرد، بەڵام لێرەدا دەمانەوێت بەشێوەی داڕشتنی تیۆری و پراکتیکی رۆژهەلاتی ناڤین شیبکرێتەوە. لەو هۆ و هۆکارانەی کە پێوەندیی راستەوخۆی بە کوردستانەوە هەیە زیاتر ورد دەبینەوە و بەگشتی روانگەی بەشێک لە تیۆریسیەنەکانی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا بێنینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

کوردستان بەشێک لەو ناوچە جوگرافیایەیە لە رۆژهەڵاتی ناڤین و خاوەنی پێگەی تایبەتە کە رۆژهەڵاتی ناڤین گرێدەدات بە رۆژئاواوە. هەر بە درێژایی مێژوو وەکو رێگای هەوریشم کە ناوەندی بازرگانیی بووە و راستەوخۆ لەناو خاکی کوردستانەوە ئەم پێوەندیانە بەیەکەوە گرێدەدات. ئەوەی جێگای باسە لە دوو سەدەی رابردوووە لەسەر بنچینەی و شێوازی سیستمی ئابوری و سەنعەتیە کە پێویستیی بە کانزای هەرزان هەیە وەکو نەوت و ئاوی شیرین. کوردستان بە گشتی خاونی ئەو پێگەیەیە لە ناو وڵاتانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ئێران، تورکیە، سوریە و ئێراق لە رووی ئاوی شیرینەوە خاونی چەندین رووبار و دەریاچەیە وەکو دەجلە، فورات، زێی گەورە، زێی بچووک، سیروان، چۆمی ئاراس، سیمینە، زەرینە، قزل ئوزەن، ئەلوەند، کەرخە، هەروەها خاونی چەندین گۆلە وەکو، گۆلی وان، زریبار، گۆلی ورمیە، و لە چوارلاوە دەتوانین بڵێین پێوەندیی بە زەریای کاسپیەن (خەزەر) و زەریای سپی و لە باشوورەوە بۆ کەنداوی ئاوی گەرم کە کاریگەریی لە ژێرخانی ئابووریدا هەیە بەگشتی و یەک بەش لە سێ بەشی ئاوی شیرینی دونیا لەخۆدەگرێت، هەروەها لە روانگەی کانزای ژێرزەوی وەکو نەوت کە دەتوانین بڵێین کە نیوەی نەوتی رۆژهەڵاتی ناڤین لە کوردستان بەتایبەت لە عیراق دایە واکو نەوتی کەرکوک، شاهابادی کرماشان و ئیلام و دەشتی ئازادگان ئێستا لە ناوچەکانی دهۆک، و بارزان، شیواشۆک و نزیک بیخمە، شارەزوور کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و هەروەها دەتوانین بڵێین لە بەشێک لەناوچەکانی باکوور و باشووری بچووک خاوەنی نەوتە، کە ئەم دوو سەرچاوە سرووشتیە بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردستان ببێتە خاوەن پێگەی تایبەت لە روانگەی ژیئو پۆلیتیکەوە کە لە دوو سەدەی رابردووەوە بۆتە هۆی ململانێوەوە ناکۆکی و ئاژاوەگێڕیی لەئاست سیاسەتی زلهێزانی دونیادا کە رولی ئیستراتیژیەکی سەربازی و رامیاری دەگیرێت.

زانستی ژیۆپۆلتیک لەسەربنچینەی رامیاری بەتایبەت لە سەدەی رابردوودا لەجوگرافیای ناوچە لە نێوان دەسەڵاتدارانی جیهانیی بەگشتیی بۆتە جێی باس و توێژینەوە بۆ بەرژەوندییەکانی خۆیان کە ئەم ململانیە نێودەوڵەتییە بۆتە هۆی ئەوەیکە ژیۆپۆلیتسین گەلێک بۆچوونەکانی خۆیان بەشێویەک دابڕێژن و لە هەر سەردەمێک بایەخی تایبەتیی پێببەخشن. لەم نێوانەدا دەتوانین ئاماژە بە کەسانیک بکەین کە تیۆرەکانی خۆیان بەم شێوەیە دەهێننە زمان وەکو:

1- تیۆریی هارتلند لە لایەن سەرهالفورد مکیندر

2- تیۆریی هێزی دەریایی لەلایەن ئالفرێد تایرماهان

3- تیۆریی ریملەند لەلایەن نیکۆلاس ئیسپایکمن

4- تیۆریی پێکهاتەی ژیۆپۆلیتیکی جیهان لەلایەن سئول بی کوهن

5- تیۆریی هیلالی هیلکەیی لەلایەن جیفری کەمپ

لەنێوان تیۆریی و بۆچوونەکانی ئەوکەسانەدا کوردستان پێگەی تایبەتی هەیە کە لە رۆژ هەڵاتی ناڤنندا خۆی دەبینێتەوە.

1- سەر هالفورد مکیندر(1861-1947)

تیۆریی هارتلەند لە لایەن سەر هالفورد مەکیندەر

یەکێک لەناوداران و دارێژەرانی ژیۆپۆلیتیکی سوونەتی بە نووسینی وتارێک لە ژێرناوی سنووری جوگرافیای مێژوو لە ساڵی 1904 لەگۆڤاری جوگرافیادا بڵاوبۆتەوە بۆچوونی گەورەی هارتلەندی شیکردۆتەوە ئەو لەبۆچوونی خۆیدا ئاسیا، ئەفریقا و ئورووپا وەکو دورگەیەکی گەورەی جیهانیی ناودەبات کە دووبەشی وشکانی دونیا لە خۆدەگریت و حەوت بەش لەهەشت بەشی خەڵکی دونیای تێدا نیشتەجێن کە کلیلی ئەو دورگە گەورەیە خوی لە ناچەی هارتلەنددا دەبینێتەوە بە بۆچوونی مەکیندر، هارتلەند ناوچەیەکی بەرفراوان لە خۆدەگرێت لەرۆژئاواوە هەتا چۆمی ڤۆلگا لەبەشی رۆژ هەڵاتی سیبری بۆ بەشی رۆژئاوای سیبری و لە باکوور ئوقیانوسی بەستەڵەک و لە باشوورەوە بەرزاییەکانی هیمالیا و ئێران کە ئەم ناوچانە لە ژێر کاریگەریی هیچیەک لەهێزی دەریایی دانەبوون ئەوکات بە بۆچوونی مەکیندر ناوچەی هارتلەند دەکات بە دووبەش.

1- بازنەوە هیلالی ناوخویی وەقەراخ

2- بازنە هیلالی دەروە و دورگەیی

بازنە و هیلالی ناوخۆیی کە پشتیان لە بەشی وشکانیە لە لێوارەکانی ئاو (واتە دەریا)ە کە لەدەریاوە دەستیان پی دەگات لەگەل بارودوخی وڵاتی خۆیان یەک دەگرێتەوە و هێزی دەریایی و رۆڵی ژیۆئیستراتیژیکیان هەیە.

بازنە و هیلالی دەرەوە و دورگەی وەکو ئیتالیا و ژاپۆن و ئوسترالیا مەکیندر لە ئاکامدا بۆچوونی خۆی لە ساڵی 1919 دا بەمشیوەیە شیدەکاتەوە بەرامبەر بە هارتلەند دەڵێت کە هەر وڵاتیک دەسەڵاتی بەسەر رۆژهەڵاتی ئورووپادا واتە دەسەڵاتی بە هارتلەنددا هەبێت تەواوی دونیا کۆنترۆڵ دەکات.

ئەگەر بڕوانینە جوگرافیای کوردستان زۆر بەروونی بۆمان دەردەکەوێت کە بارودۆخی کوردستان لە ناو بازنەی هیلالی هارتلەنددا بەشێکە لە بازنەی هیلالی ناوخۆیی کە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی ئورووپا وەکو پشتێنەیەک رۆل دەگێرێت لە ناوچەکەدا، کوردستان بەتایبەت لە دوو روانگەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەگەر مەترسیەک لەسەر هارتلەند هەبێ کاتێکیکی گونجاو دەرەخسێنێت بۆ هێزی دەریایی و یان لەوکاتەی کە بەگشتی مەترسیی هەبێت بۆ هارتلەند وەکو شوێنی ئیستراتیژیەکی دەبێتە مەیدان و سەدەیەک لەبەرامبەر مەترسیەکاندا و رۆڵی سەرەکیی دەگێرێت هەوڵدانی بێپسانەوە لە سەدەکانی 19 دا ئەو رۆڵەی گێراوە لە نێوان رووس وە ئینگلیس دا و سەدەی 20 لەنێوان رووس و ئامریکا، کۆنترۆڵی ناوچەکە لەلایەن دەسەڵاتداریەوە .

2- بۆچوونی هێزی دەریایی ماهان

نەزەریە وە تیئوری هیزی دەریایی لەلایەن ئالفرێد تایرماهان

لە بەرامبەر بۆچوونی هارتلەند، مەکیندەر رۆڵی سەرەکیی لەوەدا دەبینێت، دەسەڵاتی هێزی وشکانی لەو بازنەیەدا بایەخی پێدەدات بو دەسەڵاتداریی ناوچەکە.

بەڵام ئالفرێد تایرماهان لەسەر ئەم باوەڕەیە بایەخی هێزی دەریایی و دەسەڵاتداریی بەسەر دەریاکان و ئاوەڕۆکان و بەرزکردنەوی ئاستی ئەم دەسەڵاتداریە دەتوانێ رۆڵی سەرەکیی بەسەر دونیادا بگرێت و باوەڕی بەهێزی دەریایی هەیە

بەبۆچوونی ئەو وڵاتی ئامریکا نمونەیەکە کە توانای ئەو دەسەڵاتداریەی بۆرەخساوە واتە دەسەڵاتداریی بەسەر دەریاکان ڕۆڵی ئیستراتیژیکی دەگێرێت، لەم بۆچوونەدا دیسان کوردستان ڕۆڵ دەگێرێت بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاَت بەڵام لە لایەن وڵاتی روسیەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەسەر ئاوە گەرمەکانی کەنداو و دەریای سپی لە ئاکامدا لە ڕۆژ هەڵاتی ناڤین کوردستان دەتوانێت لەمپەرێک بێت بۆ رووبەربوونەوەی دەسەڵاتدارانی هێزی دەریایی ( بەتایبەت ئامریکا لەمڕۆکەدا و لە رابوردوودا بریتانیا لە بەرامبەر بە روسیە کوردستانیان کردە وەرەقی ساتوسەودای خویان) ئامریکا بە دەسەڵاتداریی خۆی بەسەر کوردستاندا هەم دەتوانێ پێشی روسیە بگرێت کەدەستی نەگات بە ئۆقیانووسەکان کە رۆڵی ئیستراتیژیکی هەیە لە پێناو بەرژەوەندییەکاندا، لە بۆچوونی ماهاندا کوردستان ئەوەندەی بۆ ئامریکا گرینگە بۆ رووسیە دوو ئەوەندە گرینگە یەکەم روسیە لە بەرانبەر هێزی دەریایی ئامریکا، دووهەم بۆ بەدەستهێنانی ئاوە گەرمەکانی کەنداو و دەریای سپی.

3- بۆچوونی / ریملاند / ئیسپایکمەن

تیۆری ریملەند لەلایەن نیکڵاس ئیسپایکمن

بە قەبوڵکردنی چوارچێوەی بیرۆکەی مەکیندر لە جێگەی هارتلەند کە بازنەی هیلالی ناوخویی ئەو بە ناوی ریملەند ناوی دەبات و گرینگیی تایبەتیی پێدەدات لە بۆچوونی ئیسپاکمەن، ناوچەی ریملەند کاردانەوە و رۆڵی سەرەکیی دەگێرێت و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی سەرەکییە، ئەم ناوچەیە لە چوارچێوەی تایبەتیی ناوچەیی جوگرافیاییدا لە دوو بەشی وشکایی و دەریایی گرینگی تایبەتیان هەیە و دەبێت لە ئانیکاتدا، بۆچوونی ناوچەی ریملەند ئاسانکاریی لە دەریا بۆ بازرگانی دەریایی هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سەردەستە بۆ پێکهێنانی ژیۆپۆلتیک لەناوچەدا کە رۆڵی سەرەکیی دەگێرێت و هەلێکی باش دەرەخسێنێت، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە کە ئسپایکمەن لە ئاکامدا بەوە دەگات کە هێزی دەریایی کلیلی سەرەکیی و رۆڵی ئیستراتیژیی جیهانی بگێرێت لە ناوچەکەدا، وڵاتانێک کە لە بازنەی هیلالی ناوچەی رمیلەند دان وەکو پشتێندێک سنورەکانی وڵاتی روسیە گەمارۆ دەدات، هەتا ناوچەی هارتلەند لە عەرزی واقیعدا ناوچە یان وڵاتانێک لە ناوجەرگەی گیروگرفت نفوزی دەسەڵاتداریی هێزی وشکانی و دەریایی دایە، لە راستیدا کوردستان لە رۆژ هەڵاتی ناڤیندا دەبێتە بەشێک لەو سنورەی ریملەند. بەبۆچوونی ئیسپاکمەن ناوچەی سنووری دەسەڵات لە ناو جەرگەی پشتێندە واتە هارتلەند وە ئاوەکانی دەورووبەری لە خۆدەگرێت، زۆربەی ناکۆکی و رکەبەریەکانی دەسەڵاتی سەردەستە لە بواری هێزی دەریایی و وشکانی لەوێدا رووبەڕوو دەبنەوە بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا جێگای ناکۆکی و رکەبەریی بوو کە ئەم ململانێیە بەتایبەت کاریگەریی لەسەر چارەنووسی گەلی کورد داناوە، شیکردنەوە و لێکدانەوەی دوای شەڕی جیهانی دووەم و رووداوەکانی دوای شەڕی سارد لە نێوان دوو دەسەڵاتی زلهێز وەکو ئامریکا و شورەوی لە چواچێوەی بۆچوونی ریملەنددا بەروونی بەرچاودەکەوێت کە ئەم دوو وڵاتە لە ماوەی 40 ساڵدا ساتوسەوداکانیان بۆ جێکردنەوی هێزی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا پلانی خۆیان داڕشتوە، ئەو چەند وڵاتانەی کە گەلی کوردیان لە ناودا بەشکراوە وەکو ئێران، تورکیە، ئێراق، سوریە، ئازەربایجان و ئەرمەنستان لەناو بازنەی ریملەندی ئیسپاکمەندا بەروونی بەرچاودەکەوێت، لە ساڵی 1945 هەتا ساڵی 1990 شەڕی ساردی دوو زلهێزی وەکو ئامریکا و شورەوی جێگای کێبەرکێ و مشتومر و ساتوسەودای زۆر بۆتەوە لەم ناوچەیەدا بە تایبەت گوشار خستنەسەر شورەوی لە لایەن ئامریکاوە بەهەموو شێوەیەک بەتایبەت لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیەوە بۆ پاشەکشێ کردن لە سنووری باکوور و باکووری رۆژئاوای ئێران بەتایبەت هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان کە دەسەڵاتێکی نوێی بوو لە مهاباد لە ساڵی 1946 دا وە تەنانەت بوو بەهۆی ئەوەی کە بە هاوکاریی شای ئێران توانی لەسەر بریاری ئەلجزائیر دەستی لە ناو خاکی ئێراقیش بکرێتەوە و بوو بەهۆی تێکشکانی شۆڕشی کورد لە ناو ئێراقدا لە ساڵی 1975 .

(جیگای ئاماژەیە بڵێین کە ئامریکا لە شەڕی دووەمی جیهانی کاتێ دەستی گەیشت بە چەکی ئەتۆمی و بەکارهێنانی لە (ناکازاکی و هیروشیما) وەکو زلهێزێک لەبەرەی موتەفقین و باجوەرگرتن لە بریتانیا و روسیە، فەرانسە دەستی کراوە لە ئێراندا و لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەتایبەت کە ئەوکات ئێران وەکو وڵاتێکی بێلایەن دەستنیشان کرابوو، بەڵام لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، ئێران بوو بەبەشێک لە وڵاتی بەکارهێنەری ئامریکا لە هەموو بوارەکانی بازرگانی لەسەر بنچینەی بەڕێوەبەرایەتی 51% بە 49% لە ئانیکاتدا ئێران دەبوایە لەم 2% ی بەرهەمی خۆی پێداویستیەکانی لەوڵاتانی سەردەستە بکڕێت و ئێران بۆی نەبوو سەنعەتی دایکیی هەبێت بو بەرهەمهێنان لە بازاری مەسرەفدا، لە ساڵی 1953 بە هاوپشتی ئامریکا شۆڕشی نەتەوەیی لە ئێران لەسەردەمی موسەدیق کە بە رواڵەت نەوتی ئێران بەنەتەوەیی کرا، بەڵام لەژێر چاودێریی ئامریکا، بریتانیا، فەرانسە و وڵاتانی هاوپەیمان، ئێران لە ئاکامدا پێی نایە قوناغێکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1963دا لە ژێر ناونیشانی کاپیتالسیۆن و شۆڕشی سپی دەستیان کرد بە ریفۆرمێک بەناوی تەقسیمی

ئەرازی و لەم پرۆسەیەدا ئێران کرا بەسێ بەشی ناوچەی سەنعەتی و ناوچەی کشتوکاڵی و ناوچەی مەرتەع واتە بەرزاییەکانی جەنگەڵ و ئاژەڵداری، ناوەندی ئێران کرا بە ناوچەی سەنعەتی لەژێر چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندی و شا بەو واتایەی کە سەرمایەداریی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆیان نەبوو کە سەرمایەگوزاریی لە ناوچەی خۆیاندا بکەن دەبوایە سەرمایەی خۆیان بگوازتبایەتەوە بۆ ناوچەی سەنعەتیی کە یاسایەک هەیە بەناوی ئەوەی کە ئەم سەمایەدارانە بە سەرمایەداری ناخۆجێی ناودەبرا کە دەبوو بۆ هەموو ئیمکاناتی بەرهەمهێنایان لە بازاڕی ئازاد بیانکڕیبایە دەوڵەت هیچ سوبسیدەکان نەدەدا بە سەرمایەداریی ناخۆجێی لە ئاکامدا دەبوو بە هۆی لەدەستدانی سەرمایەکانیان و بەدوکانداریی یان سەرمایەداریەکی دەڵال سفەت کە توانای بەرهەمهێنانیان نەدەما، لە ناوچەی کشتوکاڵیدا بە پێی یاسای کشتوکاڵی کەس بۆی نەبوو، لە زەمینی کشتوکاڵیدا سەرمایەگوزاریی سەنعەتی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی دارایی هیچ قەرزێکیان نەدەدا بە سەرمایەداری محەلی، مەگەر لە بواری کشتوکاڵی نەبایە لە ئانیکاتدا یاسای ئینحیسار بە وەراسەت دەبوو بەهۆی لەدەستدانی ژێرخانی ئابووریی کشتوکاڵی و دەوڵەت هیچ سوبسیدێکی نەدەدا بە زەمینی کشتوکاڵی کە زەوی کشتوکاڵی لەتوپەت دەکرا و تەنانەت وەڵامدەرەوەی نیازی ناوچەیەکەشی نەدەبوو، دەبوو بەهۆی مەحرومیەتێکی زۆر بەتایبەت لە ناوچە سنووریەکان کە لێرەدا ناوچەی کوردستان بەشێکە لەو محرومیەتە بەگشتی).

(لەپاش شکانی شۆڕشی کورد لە ساڵی1975 و رێککەوتنامەی ئەلجەزایرلە نێوان ئێران و ئێراق تەنانەت بێدەنگیی زلهێزانی هاوبەش لە ساڵەکانی 1980 قەتڵوعامی گەلی کورد هەتا ساڵی 1989 کە بە هەزاران گوند وێران کرا و دەسەڵاتی بەعس لەژێرناوی ئەنفال زیاترلە 182000 نەفەر گەلی کورد کوژران و بێسەروشوێن کران و لە نێوان شەڕی 8 ساڵەی ئێران و ئێراق ناوچەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، هاوکات لە بەشی رۆژهەڵات شاری سەردەشت و لە ناوچەی کرماشان گوندی "زەرگە" و لەم کیمیابارانەدا زیاتر لە 5000 هەتا 6000 کەس قەتڵوعام کراوە، لەپاشان بوو بەهۆی ئاوارەیی و راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان کە نزیک بە 2 میلیۆن کورد روویان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان کرد، لە ئاکامدا بەشی باشوور وەکو هێڵی 36 دەرەجە کەوتە ژێر چاوەدێریی زلهێزانی هاوبەش و لە ژێرناوی نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێریی دەکرا، هەتا ساڵی 2000 و هاوکات هێرشی ئێراق بۆ سەر کوێت ئەم بوارەی بۆ ئامریکا رەخساند. بە پێی قەراری ئەلجزائیر دەستی ئامریکا بکرێتەوە، لە ناو ئێراقدا و بە سیاسەتی هاوبەشی وڵاتانی بەرژەوەندخواز هێرشی هاوپەیمانی ناتۆ کرا سەر ئێراق لە ساڵی 2003 و رووخانی یەکجاریی ئێراقی بەعس واتە عیراقی قەراردادی و دروستکراوی بریتانیا لە ساڵی 1920 هەتا ساڵی 2000 بۆ ماوەی 80 ساڵ کە لە پاشان چونکە ئەم قەرارداده 99 ساڵە نەبوو دەبوایە ئەم ئێراقە هەڵوەشێتەوە بۆ جارێکی دیکە بنیاد بنرێتەوە و کورد بۆ جارێکی دیکە وەکو ساڵی 1920 کە دوو سەرۆک خێڵی ویلایەتی شارەزور و ویلایەتی موسڵ ئێراقیان دروست کرد ئەمجار لە ژێر ناوی حیزبی بە ناوی پارتی و یەکیەتی لە دوای رووخانی سەدام، هەمان رۆڵی ساڵی 1920 دەگێڕن، لە ساڵی 2003دا کورد جارێکی دیکە وەکو وەرەقێک بەکارهات بۆ دروستکردنی ئێراقی نوێ و هەمان نوینەرایەتی شارەزوور و ویلایەتی موسڵ، بەڵام بە قەیرانی ناوچە دابڕاوەکانی وەکو کەرکوک و شەنگار و خانقین و دیالە جەلەوڵا و موسل. ئەگەر ئەم قەرارداده 99 ساڵە بوایە، ئێراق هەر وەکو دوڕگەی هۆنگکونگ لەسەر بڕیاری 99 ساڵە بوو و کاتی قەراردادەکە تەواو بوو بریتانیا هونگ کونگی رادەستی چین کردەوە، دەبوایە ویلایەتی شارەزوور بدرایەتەوە بە ئێران و ویلایەتی موسل بدرایەتەوە بە تورکیە، هەرچەند لە دوای رووخانی دەوڵەتی بەعس لە چوارچیوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و رێکخراوی نەتەوەیەک گرتووەکان و ئەنجومەنی G8 بۆ داڕشتنەوەی دەوڵەتێکی نوێ لە ژێر ناوی ئێراقی فیدراڵ بڕیاری لەسەردرا و ئانیکات لە ناوخۆی ئێراق بە سێ بەش دابەشکرا: هەرێمی کوردستان، هەرێمی شیعە و هەرێمی سوننە.

(لەناو وڵاتی تورکیە، بە پشتیوانیی بریتانیا دەوڵەتێکی فاشیستیی بە سەرۆکایەتیی کەمال ئاتاتورک هاتە پێکهات لەسەر بنمای "دەوڵەت - نەتەوە" و داڕشتنی یاسای بنچینەیی بۆ بەهۆکارێک کە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیەکی دیکە بکەن جگەلە تورک نەبێت ئەم بزاڤە فاشیستییە بوو بەهۆی قەتڵوعامی زیاتر لە میلیونێک ئەرمەنی و لە پاشان سەرکوتی هەموو شۆڕشەکانی کورد و راگوازتنی ملیونان کورد لە زەێدی خۆیان، تەنانەت لە ساڵەکانی 1937 و 1938 دەستی کرد بە قەتڵوعامی کوردان بەتایبەت لە ناوچەی دەرسیم کە نزیک بە 100000 کورد کوژران و وێرانکرانی هەزاران گوند، هەرچەند کە تورکیە لەگەڵ ئاڵمان و ئیتالیا لەبەرەی موتەحدین دا بوو لەشەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بەڵام لە دوای رووخانی رووسیە و لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی بەرەیەکی نوی کراوە بەناوی شەڕی سارد و دوو بلوکی کومونیستی و سەرمایە داری و بەپشتیوانی وڵاتانی رۆژئاوا وەکو پشتیندێک تورکیە هاتەناو پشتیوانی هێزی ناتۆ لە بەرامبەر بە سۆڤیەت ئەم هاوپیمانەتیە بو بەهۆی بێدەنگی وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرامبەر بەهەر قەتلوعامێک سەبارەت بە کورد پەیڕەو دەکرا بێدەنگیان هەڵدەبژارد.

4- پێکهاتەی ژیۆپۆلیتیکی دونیا لە روانگەی سئول بن کوهن .

سئول بن کوهن: لە بۆچوونی پێکهاتەی ژیۆپۆلیتیکی دونیا، دونیا بە دوو سنووری ژیۆئیستراتژیک دابەش دەکات، کە هەرکام لەوانە بەچەند ناوچەی ژیۆپۆلیتیک دابەش دەکات، ناوچەکانی ژیۆئیستراتیژیکی لە ئاکامی بێ ئیرادەبوون و خۆبەدەستەوەدانی بەشێکی نەتەوەیی ژێردەستە وەکو دەسەڵاتی ناوچەیی کە لەژێر زەختی هێزی نیزامی نەتەوەیەکی سەردەستە بوو بە هۆکارێک لەژێر کاریگەریی دەوڵەتانی بەرژەوەندخواز سیاسەتی دەوڵەت نەتەوی سەردەست زاڵ بکەن لە ناوچەکاندا، دەسەڵاتی ژیۆ ئیستراتیژیک کاریگەریی ناوچەیی ژیۆپۆلتیک لەئاکامی گشتیدا کاریگەریی دانا لەسەر سیاسەتی دونیادا، لە بۆچوونەکانی بن کوهن رۆژهەڵاتی ناوڤین و ئاسیای باشووری رۆژهەڵات و ئافریقای باشووریی وڵاتی سەحرا کە خاوەن پێگەی ئیستراتیژیکن لە باقی ناوچەکانی دیکە جیاکرانەوە و لە نێوان دوو زلهێزی دەسەڵاتدار قەتیس ماوە وەکو هێڵی پشتێندە کەوتنە ژێر زەختی سیاسیی بەرژەوەندخوازانی هاوبەش، بن کوهن ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بە ناوچەیەکی ئالوز دەستنیشان دەکات وەکو وڵاتانی ئەفغانستان، پاکستان، ئێران، تورکیە، سوریە، ئێراق، ئیسرائیل، لوبنان، میسر کە لە ئانیکاتدا لەناو خۆیاندا لە کێبەرکێ دان هیچ لێک نزیکبونەوەیەک لە نێوانیاندا نابیندرێت ( بەهۆی گرێدراویان لە بواری سیاسی و ئابووری سەنعەتیان بە وڵاتانی زلهێزەوە) و لە ئانیکات زلهێزانی وەکو ئامریکا وڵاتانی ئورۆپا چین، هیندوستان و رووسیە بە دەستێوەردانیان هۆکاری سەرەکین.

تەواویەتی خاکی وڵاتی کوردستان کە لەناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناڤین دایە و خاوەن پێگەی تایبەتی سێ کوچکەی شارستانیەتی هەرە گرینگ لەناو مێژوودا بەر چاوە وەکو شارستانیەتی ئاریایی، سامی، ئالتایی هەروەها دابەشبوونی لە نێوان وڵاتانی ناوچەییدا کە خۆیان وەکو دەسەڵاتی بەهێز نیشان دەدەن. هەرکام لە لایەکەوە لە کێبەرکێ و ململانێی ناوچەیی دان و هەرکام دەیەوێت خۆی وەکو زلهێزی ناوچەیی نیشان بدات و دەیانەوێت هەرکام رۆڵی تایبەتییش بگێڕن لەپیناو بەرژەوەندیاندا بەڵگەی بەرچاویش ئەوەیە کە هەرکام لەم وڵاتانە پشتیوانی لە حیزبی کوردی و رێکخستنەکانی کوردی دەکەن بوئەوەی ئیمتیازێک لە رکەبەری بەرامبەری لە ئەم ململانێ ناوخۆی رۆژهەڵاتی ناڤین بەدەست بێنن. لە ئانیکات کوردستان وەکو پێخۆرێک بەکاردێنن سەبارەت بە وڵاتانی بەرژەوەندخوازی دەرەکی بۆ ساتوسەودای نێودەوڵەتی

بە تایبەت ئامریکا و روسیە کە بە ئاسانی دەتوانن دەستبخەنە ناو دەسەڵاتەکانی ناوچەیی بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتر لە کاتی پیویست بە هۆی حیزبەکانی کوردیی کە لەژێر چەتری ئەوان دان بەکاریان بێنن بەمەبەستی تایبەت.

5- تیۆری هیلالی هیلکەیی لەلایەن جێفری کەمپ

پروفیسورجیفری کەمپ لە نوسراوەی خۆی لەساڵی1977دا دەڵێت کۆی گشتیی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەت وڵاتانی دەوروبەری کەنداو و دەریای کاسپیەن هەتا دەریای سپی بازنەیەکی هیلکەییە کە رۆڵی ئیستراتیژیکی وزە دەگیرێت، باشوور و باکوور ئەم ناوچەیە بەگشتی بە دوو خاڵی سەرەکیی دەستنیشان دەکات کە بۆ پێداویستی رۆژانە کانزایی وزە لە دونیادا و پێداویستیی لە سەدەی 21 بەتایبەت بۆ وڵاتانی رۆژئاوا گرینگی خۆیان هەیە، سەرچاوەیەکی ئاگادار باس لەوە دەکات کە ناوچەی دەریای کاسپیەن زیاتر لە 2 ملیارد بەرمیل نەوتی خاوی هەیە و هەروەها باس لەوە دەکرێ لە ساڵی 2002 دا لە کەنداودا 31% تەواوی نەوتی دونیای بەرهەمهێناوە، هەروەها تەنیا لە دوو وڵاتی ئێران و روسیە خاوەنی 70% گازی سروشتین لە ئاستی دنیادا، سەرەڕای مشتومڕێکی زۆر لە ئاستی سەرەوەدا و رامیاری ژیۆئیکونومی لە دونیادا دوای شەڕی سارد گرینگیەکی زۆری پێدەرێت وەکو سەرچاوەی سروشتی لە ئاست وڵاتانی زلهێزی دونیا کە بەشێک خاوەن بیرمند وا زانایان وەکو هارتلەندی نوێ ناوی دێنن.

وڵاتی کوردستان لە روانگەی جیفری کەمپ لە سێ لاوە خاوەن پێگەی تایبەتە.

1- بەشێکی زۆر لە باشووری کوردستان لەناو خاکی ئێراق کە خاوەن پێگەی تایبەتە لە بواری نەوتدا وەکو کەرکوک و شیواشۆک و دەوروبەری کە دەتوانین بڵێین 50% نەوتی لەخۆ گرتووە لەناو بازنەی تیۆری جفری کەمپدا گرنگی پێدەدات.

2- وڵاتی کوردستان لە راستیدا هەمان هارتلەندی (پشتێندەیە) تازەیە کە جیرانی وڵاتانی رۆژئاوایە کە شوێنێکی ئیستراتیژیکی هەیە لە هاتوچۆکردنی بواری بازرگانیدا و خاوەن گرینگیەکی تایبەتە و نزیکترین پێگەی پێوەندییدارە بە وڵاتانی رۆژئاواوە لە بواری هێڵی نەوت و گاز لە دەریای سپی و دەریای رەش بە ئاسانترین شێوە بۆ بازاڕی مەسرەف لە ناوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناڤین کوردستان رولی گرینگ دەگێڕیت.

3- ئەوەیکە کوردستان لە بواری دابینکردنی وزە دا دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ بگێڕێت دەبێ بۆ ئەم مەبەستە ئاسایشێک لە ناوچەکەدا بێت بەتایبەت کە هێڵی هێلکەیی ئیستراتیژیکیی وزەیە ئەگینا بۆ ئەم مەبەستە نابێ کوردستان لە بەرچاو نگیرێت دەنا دەتوانێت ئاسایشی ناچەکە ئاڵۆز بکات لە تەواویەتی هێڵی بازنەی کێشە دروست دەبێت.

کاتێک چۆنیەتی داڕشتنی بیرۆکەی ئیستراتیژێکی زلهێزانێکی وەکو بریتانیا، فەڕانسە، روسیە، ئامریکا و هاوپەیمانیان لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناڤینمان بۆ روون دەبێتەوە دەبێ لەوە تێبگەین کە هەر وڵاتیک بە پێی بەرژەوندیی خۆی هەڵسوکەوت دەکات بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دیسان بگەڕێنەوە بۆ رابردوو کە گەورەترین قەیرانی سیاسی، ئابووری، کولتوری فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دروست کرد بە تایبەت کوردستان و بارودۆخی جوگرافیای ناوچەکەی گۆڕی و کورد بوو بەسوتەمەنی ئەم گۆڕانکاریانە لێرەدا دەبێ ئاماژە بە قەراردادی سایکس پیکو، لۆزان ، بالفور بکەین.

1- پێکهاتنی قەراردادی شەریف حسێن - ماک موهان لە سیاسەتەکانی ئیستعماری بریتانیا و فەرانسە بۆ داڕشتنی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەرامبەر لاوازکردنی دەسەڵاتی عوسمانی.

ئیستعماری بریتانیا لە سەرەتاکانی سەدەی 20 دا لە پێناو لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە ناوچەکانی عەرەبی و پشتیوانیکردنی لە عەرەبەکان و بە رەسمیەت ناساندنیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی و بە پشتیوانی هێزی نیزامی دەستی کرد بە ئاژاوەگێڕان بە مەبەستی تایبەت.

لەژێر ناوی بڕیارنامەی ئوکتوبری ساڵی 1915 حسێن، ماک موهان و بە رەسمیەت ناساندنی بەشێک لە عەرەبەکان کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا فەلەستین بەتایبەت دەبوایە بە رەسمیەت بناسرابایە، بەڵام بەپێچەوانەی بڕیارەکە بەڵێنیەکانی ئیستعماری کە دەبوایە تا پێش کۆتایی شەڕی جیهانی جێبەجێ بکرابوایە لە ئانی کات، بەڵام پێکهاتنی ژێربەژێری بریتانیا و فەرانسە ئەم ناوچەنەیان لە نێوانی خۆیاندا دابەش کرد بڕیارنامەی (سایکس، پیکۆ) لە ساڵی 1916 دا چونیەتی ئەم دابەشکردنە و پێکهاتنە ئاشکرابوو لەو نێوانەدا رازی بوون لەسەرفەلەستین کە خاوەن پێگەی تایبەتە و لەم بارەیەوە کە هیچ دەسەڵاتێک بە تەنیایی خۆی دانەسەپێنێت و دەبێ لە ژێر چاوەدێریی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە.

لە ساڵی 1917 لەسەر بنەمای بڕیاری ( بالفور ) بریتانیا بەڵێنی دابوو بە جولەکەکان بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی فەرهەنگیی لەسەر وڵاتی فەلەستین، بریتانیا هەرچەند ئەو بەڵێنیانەی دا بەڵام کونفرانسی ئاشتیی نێودەوڵەتی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم بەڵێنیانەی قبوول نەکرد، هەرچەند لە بڕیارنامەی مەک موهان و شەریف حسین دا بریتانیا لەبەرامبەر شۆڕشی عەرەبەکان دژ بە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنیی سەربەخۆیان پێدابوون، هەروەها لە ساڵی 1917 بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی دەوڵەتی یەهودەکان لەسەر خاکی فەلەستین پشتیوانیان لێ بکات هەروەها جیاواز لەوەی کە ساڵی 1916 بەڵێنی بڕیارەکانی نێوان فەرانسە و روسیە و بریتانیا ناسراوبە سایکس پیکو، وڵاتانی عەرەبی کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە لە نێوانی خۆیاندا دابەشکرا و کەوتنە ژێردەستی سیاسەتی ئیستعماری، لەم بڕیارنامە نهێنیە سێ قۆڵیەی بریتانیا، فەرانسە و روسیە، هەرکام بە دوو شێوە دەسەڵاتیان هەبێت لە ناوچەکەدا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و پشتیوانی کردنیان لە دەسەڵاتدارانی عەرەب کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە سنوری جوگرافیای داهاتوویان دیاری کرد لە رۆژهەڵاتی ناڤین، لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیی، یەکەم، بریتانیا و فەڕانسە شۆڕای بەرزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیان پێکهێنا و ئەم مافەیان بۆ خۆیان پاراست کە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەڕێوەبەری ئەم ناوچانەی کە داگیریان کردبوو و لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببوونەوە، لە ژێر چاودێریی خۆیان هێشتەوە و بەم شێوەیە لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد بریتانیا جگەلە ئەوی کە بوو بە واریسی فەلەستین و ماوەرای ئوردون و ئێراقی خستەژێر دەسەڵاتی خۆی و لوبنان و سوریە کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرانسە، فەرانسە، سوریەی داگیر کرد بەهێزی چەکداریی.

پەیمانی سوور ساڵی 1920 لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بەرەی براوەی شەڕ واتە موتەفەقین هاتە ئاراوە. لە ئانی کات داگیرکردنی "کیلیکیە" بەدەست فەرانسەییەکان بە رەزامەندیی خۆی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها داگیرکردنی تەواویەتی تورکیە لە لایەن یۆنان و ئیتالیا و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی باکووری تورکیە لکێندرا بە ئەرمنستانەوە کە لە پاشان بوو بەهۆی قەتلوعامی ئەرمنیەکانی ناوخۆی تورکیە. پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان لە ئارادا بوو و پێشبینیکراو بوو لەسەر بنەمای راپرسیەکی گشتی کە هەرگیز نەکرا، راپرسی و بڕیارنامەی لۆزان لە ساڵی 1923 هەموو جوگرافیەکەی بەشێوەیەک گۆڕی و سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیە بەمشێوەی کە ئێستا هەیە داڕێژرا بەڵام ئەوەی کە چارەنووسی نادیار بوو ئەوکات ویلایەتی موسڵ بوو کە لە بنچینەدا لەژێر چاودێری فەرانسەدا بوو کە ساڵی 1925 رێکخراوی نەتەوەکان سەردەستە واتە شۆڕای بەرزی ئەوکات ویلایەتی موسڵیان بە ئێراقەوە گرێدا، هەرچەند ویلایەتی موسڵ خاوەنی نەوت بوو بەڵام هاوکات لەبەرامبەر هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردان بەناچاریی سپاردی بە بریتانیا، لەبەرئەوەی کە بریتانیا پێویستیی بە نەوت بوو لە بەرامبەر شۆڕشی کوردان راوەستا و بەهەموو شێوە و پلانێک شۆڕشی کوردانی سەرکوت کرد. کاتێ کە فەرانسەییەکان لە بەرامبەر ئیمتیازی بەشێک لە کۆمپانیای نەوت ویلایەتی

موسڵیان دا بە بریتانیا، لە ئانیکات دەستی لەناو سوریەدا کراوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە لە ئاکامدا رۆڵ و گرینگیی فەرانسەییەکان لەدارشتنی جوگرافیای رۆژهەڵات، بۆ جارێکی دیکە پلانەکان دارێژراوە و بوو بەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی لوبنان. هاوکات لەسەر ئەم بنەمایانە، دەوڵەتانی باڵادەستی ئوروپایی بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز و بەرژەوندییەکانی خۆیان لەچوارچێوەی ئەم سنوورانەی کە دروستیان کرد توانیان بەتەواویی دەستیان ئاواڵە بێت لە ناوچەکەدا و بەهەموو شێوازێک چاودێریی ناوچەکەیان خستە ژێر چنگی خۆیان و سیاسەتەکانی خۆیان بە سەر گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا داسەپاند، بێئەوەی چارەنووسی ئەوان لەبەرچاو بگرن. لێرەدا ئەوەی کە قازانجی کرد تورکان و یەهودیەکان بوون سەرەرای نارەزایەتی بەشێک لە عەرەبەکان، ئەوەی کە لەم ساتوسەودایانەی رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی غەدری لێکرا کوردەکان بوون.

لە رۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی دەستێوەردانی وڵاتانی بەرژەوەندخوازیی ئوروپایی، وڵاتانی وەکو سوریە و ئێراق و ئوردۆن و لە پاشان ئەهودیەکان، هەروەها لەم نێوانەدا دابەشکردنی کوردستان لە نێوان وڵاتانی ناوچەیی تازە دروستکراو وەکو گوشارێک و ئەگەری هەر ئاڵۆزیەک لە ناوچەکەدا کوردان بەکاربێنن. هەرچەند دروستبوونی ئەم وڵاتانەی تازە دروستکراون لەگەڵ بارودوخی سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویی ناوچەکە نەدەگونجان، بەڵام ئەگەر ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرابایە بارودخەکە ئاوای لێبەسەر نەدەهات.

لە بەشێکی دیکەی خاڵە شاراوەکانی "سایکس و پیکۆ"وە دابەشکردنی ناوچەکە و ساتوسەوداکانیان حیجاز (عەرەبستانی سعودی) بەخشرا بە شەریف حسین و منداڵەکانی و ناوچەی فەلەستین لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا ماوە، هەروەها سەرەرای کێشە و ناکۆکیی لەنێوان فەرانسە و بریتانیا لەگەڵ رووبەرووبونەوەی ئاڵمانی نازی و ئیتالیای فاشیست، لەبەرامبەر سەرهەڵدانەکانی کورد زیاتر لێکنزیکبوونەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنن. هەروەها لەو بڕیارنامەیەدا بەندەری ئەسکەندەرون بە تورکیەوە دەلکێندرێ و لە کریستیانەکانی مارونیی لوبنان بۆ گوشارخستنەسەر موسوڵمانەکانی ناوچە و رێگەخۆشکردن بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل پشتیوانی دەکرێ. لە بەردەوامی ئەم بڕیارنامەیەدا بە هۆی ناکۆکیی لەسەر کاناڵی سوئز توانیان لە ساڵی 1953دا دەوڵەتی ئیسرائیل بەڕەسمیەت بناسێنن و بە هاوپەیمانێتی هێزی نیزامی لە بەرامبەر میسر ئیسرائییل دەستبەسەر کاناڵی سوئزدا بگرێت.

ئەوەیکە پێویستە روون بکرێتەوە، بڕیارنامەکانە راستەوخۆ پێوندیی بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەیە، دەتوانین بڵێین کە گرفتی سەرەکیش بەرژەوەندخوازیی ئەقڵیەتی فیۆدالی و بیروباوەڕی ئایینیی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر چارەنووسی گەلی کورد. بەگشتی ئاغا، شێخ و مەلا کە وەکو چینی باڵادەست لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەهۆی بارودۆخی کاتیی دەستێکی باڵایان هەبووە لەم ساتوسەودایانەی دەسەڵاتی ناوچەییدا و لە ئانیکات ئاڵۆزی و ناکۆکیی ئاغا و دەرەبەگ بوونەتە هۆکار بۆ زیاتر دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی ناوچەیی. لەلایەکی دیکەوە کێشەی ئایینی مەزهەبی سوننی و شیعە لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی رێگا خۆشکەربوو بۆ دابەشکردنی کوردستان و لە پاشان سیاسەتی بەرژەوەندخوازیی دەوڵەتانی ئیستعماری توانیان ئەم هەلە بۆ خۆیان بقۆزنەوە و کەڵکی لێوەربگرن، ئاماژە بەم خاڵانە دەکەین کە راستەوخۆ پێوەندیان بە چارەنووسی کوردەوە هەیە.

گرینگترینی ئەو خاڵانەی کە راستەوخۆ پێوەندیان بە چارەنوسی کوردەوە هەیە و هەروەها بەڵێننامەکان:

1 – بەڵێننامەی ئیدریس بدلیسی و سوڵتان سەلیمی یەکەم، ساڵی 1514وە ساڵەکانی 1555 ، 1556 ، 1590.

2- بەڵێننامەی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی لە زەهاوی ناوچەی کرماشان، ساڵی 1639 کە دەتوانین بڵێین کوردستان بوو بە دوو بەش و دوابەدوای ئەمە لەسەر کێشە سنووریەکان لە ساڵانی 1727 ،1736 ، 1746.

3- بەڵێننامەی ئەرزروم، ساڵەکانی 1823، 1847، 1853، لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجار و دەوڵەتی عوسمانی .

4- بەیاننامەی سایکس – پیکۆ، ئەم بەیاننامەیە لە 9 هەتا 16 مانگی مەی ساڵی 1916 لە کۆتاییدا لە نێوان بریتانیا و فەرانسە و دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی روسیە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرا بەسێ بەشی (ئا و ب و س).

لە پاشان بەشێک لە کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی روسیە، نوینەری بریتانیا (مارک سایکس) نوێنەری فەرانسە (جورج پیکۆ) نوینەری روسیە (سازانوف) کە بڕیارنامەکە بەمشێوەیە کوتایی پێهات:

ئا – باکووری رۆژهەڵاتی تورکیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی روسیە کە پاشان خرایە نێو دوو دەسەڵاتی ئازەربایجان و ئەرمنستان کە هەتا رووخانی دەوڵەتی سوسیالیستیی وەکو نیمچە ئۆتۆنۆمییەک خۆبەڕێوەبەر بوون.

ب – باشوری کوردستان ویلایەتی موسڵ و کەرکوک و بەشێک لە ویلایەتی شارەزور و خانقین کە بریتانیا لە ئێرانی سەند بۆ کەوتنەژێردەسەڵاتی بریتانیا و بەمەرجێک کە دەوڵەتی ئێراق هاوبەشی 2 نەتەوی کورد و عەرەب بێت.

س – رۆژئاوای کوردستان لە سوریە کەوتەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فەرانسە، ئەم بەشە تەنانەت والی هات کە نکۆڵی لە هاوڵاتیبونیشیان کرا و تەنانەت ناسمانەکەشیان لێسەندرایەوە.

5 – بەڵێننامەی سور، ئەم بەڵێننامەیە لە ساڵی 10.8.1920 لە نێوان دوو براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و دەوڵەتی عوسمانیدا لە پاریس بە ئامادەبوونی ژێنراڵ شەریف پاشا و هەیئەتی نوینەرانی کورد گەڵالە کرا کە دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرا. بەمجۆرە خالەکانی 62، 63، 64، راستەوخۆ پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، بڕیاربوو لە کاتێکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت و دەتوانین بڵێین یەکەم بەڵگەی سیاسیی نێودەوڵەتیە وەکو مافی چارەنووس بو گەلی کورد دیاریکراوە.

6 - بەڵێننامەی لۆزان، ئەم بەڵێننامەیە لە ساڵی 24، 7، 1923 لە نێوان دەوڵەتی تورکیە و هاوپەیمانانی نوێ بە گەڵاڵەکردنی ئەم بەڵێننامەیە پەیمانی سور هەڵوەشایەوە و چارەنووس و خەونەکانی کوردی خستەژێر پێی ئەم بەڵێننامەیە.

7 – بڕیارنامەی سەعداباد، ئەم بڕیارنامەیە لەساڵی 8،7،1937، لە نێوان وڵاتانی ئێران، ئێراق، تورکیە، ئەفغانستان و نوێنەرانی وڵاتانی بەرژەوەندخوازهاتەئاراوە. لەم بڕیارنامەیەدا کە هەتا ئێستاش بەردەوامە و پێداگریی لەسەر دەکەن، خالەکانی هاوبەش لەسەر ئەوەی کە بەتەواویی توانایان لە بەرامبەر هەر جووڵانەوەیەکی کورد وەکو سەرهەڵدان و شۆڕشی کوردان دەبێ سەرکوت بکرێت و تەنانەت دانیشتوانی هەریەک لەو وڵاتانە کە بچێتەناو وڵاتەکانیانەوە دەبێ رادەست بکرێنەوە، بە وڵاتی نیشتەجێ بەتایبەت کە شەڕی دووەمی جیهانی لەئارادا بێ لەبەرئەوەی کە کوردان لەم هەلە کەڵک وەرنەگرن بۆ سەرهەڵدان هەروەها چەند خالی سەرەکییش دەستنیشانکرا.

یەکەم: توانەوە، پاکتاوکردنی کوردستان، هەڵوەشاندنەوەی کوردستان، بەشێوەی راگوازتن، نیشتەجێکردنی ناکورد لە شوێنەکانیان، کەمکردنەوەی رێژەی کورد لە ئامارە رەسمیەکان، چاودێری و کۆنترۆڵی باری ئابووریی کوردان، سڕینەوەی شوێنەواری مێژوویی، ناونەبردنی بەشی پێوەندیدار بە کوردان لە نوسراوەکان و کتێبەکان کە کاردانەوەی هەبێت لەسەر توێژینەوەی مێژوویی، بچووککردنەوەی کەسایەتیی کوردان لە هەر بوارێکدا، گرێدانی کوردان بە دەسەڵاتی ناوەندی و... رێگا خۆشکردن بۆ ئاڵۆزیی ئایینی و زمانەوانی ناوچەیی، بکارهێنانیان لە روانگەی سیاسیەوە وەکو داردەستێک لەبەرامبەر سیاسەتی نەتەوەی کوردان، هەوڵدا ن بۆ بەلاڕێدابردنی کوردان سەبارەت بە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان وەکو وڵاتێک، خستنەژێر چاوەدێریی هەر رێکخراوێکی سیاسی و حیزبیی کوردان.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند سەرهەلدانی کوردان بکەین کە بێئاکام مانەوە:

شۆڕشی میرنشینی بابان، ساڵی 1649، تا 1850 ، لە باشوور.

شۆڕشی یەزدانشیر لە باکور.

میرنشینی سۆران ساڵی 1826 زائینی لە باشور.

شۆڕشی شێخ عوبەیدوللای (شەمزینانی) نەهری 1880 هەتا 1881، لە باکور.

بەڵام ساڵی 1910 هەتا ساڵی 1915 کوردانی لوڕستان لە دژی بریتانیا دەست دەکەن بە شۆڕش کە برای "قەدەم خێر" و قەدەم خیر ماوی چەند ساڵ لە ناو شۆڕش دابوون. **لەم نێوەدا بریتانیا بە باجی 5% لە بەرهەمی نەوت دەدا بە چەند دەرەبەگی ناوچەکە بۆئەوەی ئەوانیش شۆڕشی کوردانی لورستان تیک شکێننرا .**

شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید 1918 ، لە باشور.

شۆڕشی سمایل ئاغای سمکو ساڵی 1919 ، لە رۆژهەڵات.

شۆڕشی شێخ سەعید پیران کە بە شۆڕشی ئاگری ناسراوە ساڵی 1925، لە باکور.

کۆماری کوردستان بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد ساڵی 1964 ، لە رۆژهەڵات.

شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی ساڵی 1960 هەتا ساڵی 1974 لە باشور.

هەروەها دروستبوونی سەدان رێکخراوی سیاسی کە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەسەر بنەمای ناوچەیی و سنوردار لە چوارچێوی پارچەبوونی وڵاتانێک کە کوردیان تێدا نیشتەجێ بوون.

لێرەدا بەشێک لە مێژووی شاراوەی هۆ و هۆکارەکانمان هینایە سەرزمان هەتا کۆتایی شەڕی دووەم جیهانی کە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی دونیا بوو بە دو جەمسەری جیهانیی وڵاتانی کومونیستی و ئیمپریالیستی لەسەر بنەمای شەڕی سارد وەکو دوو بەرەی ناتۆ و سەنتۆ و بەرژەوندییەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین کورد وەکو وەرەقێک بەکارهات بەدەستی بەشێک لە حیزبە سیاسیەکان لەپێناو بەرژەوەندیی چینێکی تایبەت وەکو ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و مەلا کە گرێدراوی وڵاتانی ناوچەیی و وڵاتانی زلهێزی دونیابوون کە بەرژەوندیەکانی حیزبی و ئایینی زاڵ بوو بەسەر بیرۆکەی سیاسیی نەتوایەتی بەگشتی.

سەرچاوەکان:

1 – دەورەی سلطنت قاجار، علی اصغر نسیم.

2 – میرانی ئەردەڵان، نووسینی ئاغای دەشتی

3 – استعمار نو، جواد منسور.

4 – جغرافیای سیاسی آسیا و افریقا، نوسین و ترجمەی میرحیدری.

هەروەها سایتی ئینترنێتی.